

شاڵاو حەبیبە

# خوێندنەوەی شەش باڵویی

## خوێندنەوەی کتێبی "کەسێک لە پشت ئەم پەیڤانە سیگار دەکێشێ"ی "رابەر فاریق"






نووسین لە بارەی شیعرگەلێک، کە هەڵگری روحی سەردەمەکەیان نین و ماڵیان لە نێو کۆوە، بۆ نێو خود گواستووەتەوە، هاوکات دار و بەرد و کوچە و شەقام و شەڕ و هەراکانی نیشتمانیان لە بیر کردووە و لە کن ئەو دار و بەرد و کوچە و شەقام و شەڕ و هەرایانەوە گیرساونەتەوە، کە خودی شاعیر چێی کردوون؛ سەختە. شیعر لەوە دەرچووە ئەرکی گواستنەوەی پێشهاتە هەنوکەییەکان و خەمە دەرەکی و کۆمەڵایەتییەکان بێت. لەبەر ئەوە، بۆ پەیڤین لە بارەی شیعرەوە پێویستمان بە شارەزایی لەبارەی سەردەمی نووسینی شیعرەکە و بنووسی شیعرەکەوە نییە، چونکە شیعر وەک یەکەیەکی سەربەخۆ، دەبێت دوور لە سەردەم و بنووسەکەی




بخوێندرێتەوە.

کۆشیعری "کەسێک لە پشت ئەم پەیڤانە سیگار دەکێشێ"، لەو کۆشیعرانەیە کە دەقەکانی پێوەندیی دەرەکییان بە دنیاوە نەماوە و تەواوێک بۆ نێو روحی ئینسان گەڕاونەتەوە. لەم رووەوە کەوتووەتە بەر سەرنجمان و لە چەند رووییەکەوە بۆچوونەکانمان بە بێ فرەوێژیی دەردەبڕین.

١

ئاسایی- نائاسایی

خوێنەر بە چ شیعرێک دەڵێ شیعری باش؟ چ شیعرێک پتر لە یادەوەریی خوێنەردا دەمێنێتەوە و زیاد لە جارێک دەگەڕێتەوە کنی؟ بە کامە پێوەر شیعرەکان پەسند دەکات، یان رەتیان دەکاتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسانە، هەرکەسە و بۆچوونی خۆی هەیە، ئێمەش بۆچوونی خۆمان دەخەینە روو:

خوێنەر پتر شیعرێک پەسند دەکات، کە بتوانێت لە رێگەیەوە بۆ رابردووی خۆی بگەڕێتەوە، یاخۆ بگاتەوە بەو شوێنەی کە پێی دەگوترێت یادەوەری. بێگومان ئەو خوێنەرە خوێنەرێکی ئاساییە، بە گشتی خوێنەری مە ئاسایین. ئەم گەڕانەوەیە لە شیعرەوە بۆ یادەوەریی خوێنەر، لە رێگەی زمانێکی ئاساییەوە بەدی دێت. شیعری ئێمەش شیعرگەلێکە ئاسایی، واتە هەڵگری زمانێکی ئاساییە و یەک ریتمە. "شیعری ئاسایی واتە واقیعی ئاسایی." لێرەوەیە، لە رێگەی شیعری ئاساییەوە کە بەرئەنجامی واقیعێکی ئاساییە، تەرزە خوێنەرێکی ئاسایی دروست دەبێت، کە بە گشتی ناتوانێت شیعرەکانی "ئەحمەدی مەلا" و "فاررووق رەفیق" هەزم بکات، چونکە شیعری وان هەڵگری واقیعێکی نائاساییە، بە زمانێکی نائاسایی نووسراون، خوێنەریش لە رێگەی ئەم شیعرانەوە ناتوانێت وەبەر یادەوەریی خۆی بکەوێت، بۆیە پەسندیان ناکات.

کۆشیعری "کەسێک لە پشت ئەم پەیڤانە سیگار دەکێشێ"یش بە




زمـانی خـوێنەری ئاسـایی نەنووسـراوە، تا خـوێنەر لە یەکـەم خـوێندنەوەیدا وەبەر یادەوەریی خـۆی بکەوێت و دەقـەکـان پەسند بکات. بەڵام "ئورهان وەلی"ی شـاعـیری نێـو رۆیشـتـووی تورک، دروست پێچەوانەی ئەم حاڵەتەیە؛ ئەو شیعری لەو زمانەوە هەڵێنجا، کە خەڵکی پێی دەپەیڤن؛ زمانی ئاسایی، لەم رووەوە بووە یەکێک لە جەنجاڵترین و گرینگترین شاعیرانی تورکیا.

ئەگـەر بمانەوێ خـوێنەر لەو ئاسـاییخـوازییە دەربچـێت و خوێنەرێکی نائاسایی "مەبەستم نوخبە نییە" لە داهاتوودا دروست ببێت، دەبێت دەسبەرداری ئەو یەکڕیتمیی زمان و چەقبەستوویی فۆرمە ببین، کە هەنوکە لە نێو شیعری شاعیرانی ئێمە "بە کۆن و نوێوە" بە سـانایی دەبینرێت. کـۆشـیـعـری ناوبراو هەنگاوێکی سـەرەتایی، بەڵام فـرە جـدییـە، کـە هەوڵی داوە لەو ئاسـاییـیـە دەربچێت، ئەمەشی لە رێگەی زمانێکی فرەئاراستە و فۆرمگەلێکی ناجێگیرەوە بەدی هێناوە. لەبەر ئەوە، نەختە نەختە و بە زەحمەت خوێنەری خۆی چێ دەکات.

٢

بێهوودەیی

لەم شـیعـرانەدا بێـهوودەیی واوەتر چووە، واتە، تەنیا دەرخـەری وەڕزیی و هیچ نەبوونی ژیان نییـە، وەک فـەلسـەفـەیەکی کۆن. بەڵکو یەکـەیـەکی سـەربەخـۆ و هونـەرییـە، لە یەکـەم شـیـعـرەوە تا دوایین شـیعـر، لە رێگەی زمـان و تەکنیکەوە ئیشی تێدا کراوە. هێندەی هاوڕیتمە لەگەڵ زمان و جۆری تەکنیکدا، نیو هێندە پێوەست نییە بە هەڵچوون و لە خۆ ونبوون و پووچیی ژیانی مرۆڤـەوە. بەر لەوەی وەک حـاڵـەتێکی ژیانی مـرۆڤ دەبـەرچاو بگیـرێ، وەک یەکـەیـەکی هونەری و شیعری لەبەرچاو گیراوە.

"دەبا ئیتر خۆ بە پەتی پچڕاوەوە هەڵواسین و..."

خـۆکوشتن دەکرێ ئەوپەڕیی بێـهوودەیی ژیانی مـرۆڤ نیشـان




بدات، بەڵام لە بێهوودەیی واوەتر بوونی پەتی پچڕاوە، لە دێرەکەدا. لێرەدا خۆهەڵواسین بە پەتی پچڕاوەوە، بەر لەوەی کێشانی وێنەی حاڵەتی خۆکوشتن بێت؛ تەکنیکە. چونکە ئەگەر زمان و تەکنیک فەرامۆش کرابان، دەبوو راستەخۆ نووسرابا: دەبا خۆمان هەڵواسن. دەرخەری بێهوودەیی لەم دێرەدا خودی پەتی پچڕاوە، نەک کردارەکە کە خۆهەڵواسینە. جێی سەرنجە کە وەڕزیی مرۆڤ و پووچی ژیان کەوتوونەتە پاش تەکنیکەوە و راستەوخۆ لە دەقەکەدا وەدەر نەکەوتوون.

"نەتزانی درزبردنی ژیان، درزبردنی شادمانیی نییە"

شادمانیی مرۆڤ بە چکۆلەترین قەلەقیی ژیان لە نێو دەچێت. ترسی لە نێوچوونی بەردەوام خەمی مرۆڤیە. بەڵام ئەگەر درزبردنی ژیان درزبردنی شادمانیی نەبێت، دەبێ مرۆڤ کەوتبێتە کوێی بوونەوە؟ هاوکات چ پێوەندییەک ئەو و ژیان پێکەوە دەبەستێتەوە؟ وەختێک، کە ئیتر کارەسات و پێشهاتەکانی ژیان چ کاریگەرییەکیان بە سەر مرۆڤە نامێنێت و مرۆڤ تەواوێک دەچێتەوە نێو خۆی، دەبێ بۆچوونی ئێمە بۆ چەمکی مرۆڤ چیی بە سەر بێت؟ درزبردنی ژیان لە دێری یەکەمدا حاڵەتە بێهوودەییەکە نییە، بەڵکو درزنەبردنی شادمانیی لە دێری دووەمدا دەبێتە دەرخەری بێهوودەیی. ژیان لە نێو دەچێت و شادمانیی وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئەگەر بە وردی سەرنجی دوو دێرەکە بدەین، دەبینین هەتا رەتکارەوەی پێوەندییشن لە نێوان ژیان و شادمانیدا. لێرەوەیە کە خەم و هەڵچوون و وەڕزییەکانی مرۆڤ پێوەندییان بە ژیانەوە نامێنێت و دەچنەوە نێو مرۆڤ خۆی. لەبەرئەوەی خەم لە مرۆڤەوە بۆ ژیان ئاراستە دەکرێ، نەک بە پێچەوانەوە. بۆ شادمانییش هەروەتر. شادمانی، یان هەر هەست و حاڵەتێکی تر، لەگەڵ مرۆڤدا دەژیێ، نەک لەگەڵ ژیاندا. لە نێوچوونیشی پێوەستە بە مرۆڤەوە، نەک بە ژیان و شتی ترەوە. بۆیە رووبەڕووی مرۆڤێک دەبینەوە، نەک لە ژیانی سەردەم و کۆمەڵگەکەی، بەڵکو لە خودی پرۆسەکەش، کە ژیانە، دابڕاوە.

٣

دەرەوە– ناوەوە

" منیش خۆم لێ دەخورِم"

" نووسین نیگەرانیم نانووسێتەوە"

نازانم لە لای ئێوە ئەو دوو نموونەیە تا چەنێک پێوەندییان بە یەکترییەوە هەیە؟ خۆ منیش خوازیاری شیکردنەوەیان نیم. بەڵکو دەیانکەمە بیانوویەک تا لەو رووەوە لە کاریگەریی تەکنەلۆجیی و بێزاریی، بۆ سەر نووسین بدوێم. ئاخۆ ئەم دووانە چەنێک لە بنیاتنانی نووسیندا کاریگەرن؟ بڕوام وایە نە تەکنەلۆجیا و نە بێزاری، بە هیچ شێوەیەک پێوەندیی راستەوخۆیان بە نووسینەوە نییە، چونکە لە سەروەختی نووسیندا هەموو شتێک دەمرێت، هەتا ئەوەش کە لە بارەیەوە دەنووسین. وەختێک لە مەڕ گوڵێکەوە دەنووسین، گوڵەکە بۆ خۆی دەمرێت، خۆ لە مەڕ ئەو گوڵەوە نانووسین کە لە باخچەدا بینیومانە، تا بڵێین کاریگەریی ئەو گوڵەمان بە سەرەوە بووە. لەبەر ئەوە چێکردنەوەی ئەو گوڵە لە خەیاڵدا و گۆڕینی فۆرمەکەی، کردارێکی هونەرییە، نەک کارگەرییەکی هەستبزوێن و شیعرخوڵقێن.

دەشێ بێزای ببێتە هۆی خەفەتخواردن و ئەسرڕۆکردن، بەڵام نابێ ببێتە هۆی نووسین، چونکە ئەوە ئەرکی نووسین نییە ببێتە ئەرشیفی وەڕزییەکانی نووسەر. دەشێ زۆرینەی شیعرە بێ کەڵکەکانمان لە ساتێکی بێزاریی قووڵدا نووسرابن، کە نووسەرەکانیان لە بەر بێ هێزیی خۆیان نەیانپرژابێتە سەر لایەنی وەگەڕخستنی زمان و تەکنیکەوە. ئەو گوتەیەش کە دەڵێ: نووسەرە گرینگەکانی دنیا بێزاریی گەورەیان هەبووە و هەیە، راستە، بەڵام خۆ نەگوتراوە لە سەروەختی بێزاریی قووڵدا داهێنانیان کردووە. بۆیە بێزاریش دەبێت بگۆڕدرێت بۆ پرۆسێسێکی خەیاڵکرد، پاشان بۆ سەر کاغەز بگوازرێتەوە. چونکە ئەگەر بێزاری توانای هەبووایە






مرۆڤ بکاتە نووسەری باش، دەبوو نۆ لەسەر دەی دنیا نووسەری باش بووایەن.

هۆی ئەوەی لە لای من بێزاریی قووڵ لە سەروەختی نووسیندا دەبێتە تێکدانی نووسین؛ خەمە شەخسییەکانن، بە بێ ئاگایی نووسەر و بە ئاگاییەوە، بە ئەنقەست و نائەنقەست، تێکەڵ بە نووسین دەبن و دواتریش دەبنە هۆی لە نێوچوونی هونەر لە نووسیندا. لە کاتێکدا ئەم خەمانە موڵکی نووسەرن و چ سوودێکیان بۆ خوێنەر نییە، مەگەر ببنە غەمێکی خودی و ئینسانی، بەڵام لە سەروەختی بێزارییەکی قووڵدا جگە لە خودێکی شەخسی و خەمێکی سنووردار و بێ رەهەند، چیی تر بوونیان نییە. بۆیە بێزاری سەرەتا دەبێ دوور لە هەڵچوون و خەمی شەخسی بۆ کەرەسەیەکی خەیاڵکرد بگۆڕدرێ، پاشان بە کەڵکی نووسین دێت، بەڵام گۆڕینی بێزاری بۆ کەرەسەی هونەریی و خەیاڵکرد، لە سەروەختی خودی بێزاربووندا بەدی نایەت.

٤

خوشکەکانمان

لە شیعری کوردیدا شتێک هەیە من زۆر بە دەگمەن دەیبینم. پێویست بە فرەوێژیی ناکات، کە ئێمە شیعرگەلێکی زۆرمان لە بارەی دایک و باوک و ژن و برا، هەتا کچانیشەوە نووسیوە. بەڵام شتێکی گرینگ کە من وەک تابۆ نایبینم و لە ئاستی نییەدا وەبەرچاو دەکەوێ؛ نووسینە لە بارەی خوشکەکانمانەوە. هەڵبەت مەبەستم لە خوشکەکانمان ئەزموونە شەخسییەکان نییە، بگرە مەبەستم خوشکە وەک کەرەسەی شیعری و هونەریی. هەتا خودی وشەکەش زۆر بە دەگمەن لە نێو شیعرەکانمان وەدەر دەکەوێ. نازانم ئەمە پێوەندیی بە نەزانینەوە هەیە، یاخۆ نووسەران بە ئاگاییەوە خۆیان لێ نەبان دەکەن. دەشکرێ تەنیا رێککەوت بێت، چونکە نووسەرانی ئێمە بە دەگمەن نەبێ شیعر وەک پرۆسێسێکی بیرلێکراوە ئەزموون ناکەن؛




هێشتا هەر لە میحرابی شرووشدان. خۆ ئەگەر بە ئاگاییەوە شیعریان نووسیبا و بەرئەنجامی سەرسامیی و خوێندنەوە و گەڕانیان هەبووایە، هێشتا زۆر شت ماوە کە هەتا بە دێریش لە بارەیەوە نەپەیڤیوین. بەڵام من بڕوام بە تابۆ نییە. ئەوەی هەبێت و بشێ ببێتە کەرەسەی هونەری، دەبێت بنووسرێت و بە شێوەی بیرلێکراوە بۆ نێو نووسین، ئەوجا ئەو نووسینە هەر ژانرێک بێت، بگوێزرێتەوە. لە رووبەکەوە نووسەرنی ئێمە خۆسانسۆرن، نەک ئەوەی سانسۆریان لەسەر بێت... وەنەبێ لەم کۆشیعرەدا دەست بۆ ئەم بابەتە بردرابێت و بە ئاگاییەکی تەواوەوە ئیشی تێدا کرابێ، بەڵام لە سەروەختی خوێندنەوەمدا دوو نموونەم بینی، کە کەوتنە بەر سەرنجم و ناتوانم لێرەدا نەیاننووسمەوە.

"بتوانم/ لە بەردەمی خوشکمدا رووت دەبمەوە."

" دەبا لێرە لەنگەر بگرن/ کەشتیی رووتی خوشکەکانم."

٥

نەخشەسازیی کاغەز

" کاغەز ئاو دەدەم بە پیت."

برێک شیعر هەن، بە بینینی جۆری دابەشکردنی وشە و دێرەکان لەسەر کاغەزدا، دەزانین و قەناعەت دەکەین ئەم شیعرانە گەلێک بە وردی ئیشیان تێدا کراوە و بنووسەکەی زانیویەتی خەریکی چییە. بۆ نموونە شیعرەکانی "بەڕۆژ ئاکرەیی" و "ئەنوەر مەسیفی". من ئەو شتە ناو دەنێم نەخشەسازیی کاغەز، کە هاوکات دەرخەری فۆرمی شیعرەکەشە. دەبێت ئەو کاغەزەی کە لە بەردەستتدایە، وەک یەکەیەکی سەربەخۆ و هونەری لە هەمبەر گونجاندنی فۆرمی شیعرەکەدا ئیشی تێدا بکرێت. دەبێ ئاگەداری ئەوە بیت دێر لە کوێدا جودا دەکەیتەوە و لە کوێدا وشە سەربەخۆ دادەنێیت. چونکە شیعر پێویستی بە مەودا هەیە لە نێوان کۆپلە و دێرەکاندا. دەبێت بینین دەبەرچاو بگیرێت و لە برێک شوێن بە پێی فۆرم مەودا بە دێر




و کۆپلەکان بدرێت، تا دەرفەتی پشوودان و بیرکردنەوە بە خوێنەر ببەخشرێت. بەڵام لە زۆرینەی شیعرەکانماندا "ئەگەر نەڵێم هەمووی" پەیژەئاسا دێرەکان دێنە خوارێ. ئیتر نە فۆڕم دەبەرچاو گیراوە، نە ڕێکخستنی دێر و وشەکان، نە ماندووبوونی خوێنەر، نە دەرفەتی ئەوەی، کە دەبێت بە خوێنەر ببەخشرێ، تا هەناسەیەک هەڵبکێشێت و بهەزرێ. بڕوام وایە، نەختــە نەختــە بە هۆی گــرینگیــدان بە نەخشـەسـازیی کـاغـەزەوە، ئاسـانتـر شـیـعـر لـە ناشـیـعـر جـودا دەکرێتەوە. هەڵبەت، ئەوەی دەڵێم زۆر جودایە لەگەڵ نیگارەشیعر. چونکە لە نیگارە شیعردا وشەکان لە پێناو دروستکردنی وێنەیەکدا کە بە چاو لە رووی کاغەزدا دەبینرێ، ڕێک دەخرێن. واتە ئەرکی سـەرەکی چێکردنی وێنەیە بە جـێگیـرکـردنی وشــەکـان لە ســەر کاغەزدا. بەڵام گرینگیدان بە نەخشەسازیی کاغەز، پێوەندیی بە چێکردنی وێنەوە نییە، بەڵکو پێوەستە بە ڕێکوپێکیی شیعر و مەودا بەخشین و فۆرمخوازییەوە. لەم ڕووەوە، ئەمە بە تەواوی لە شیعری "دەستم پێیە"دا و بە گشتی لە کتێبەکەدا دەبەرچاو گیراوە. کەچی لە شیعری "وەک لێ بوونەوە لە ژیان، ئاسوودە"دا بە پێچەوانەوەیە، بە هۆی پڕیی دێرەکـان و کـەڵەکـەبوونیـانەوە مـاندوو دەبـین و ئەو چێژەی شیعرەکانی تری لێوە وەرناگرین.

٦

"تۆ ئافرەتێکی لە پەراسووی شووعلە، من پیاوێکم لە پەراوێزی عەشق"

لە خـۆوە کـە ئـەم نێـونیـشـانـەم خـوێندەوە، گـومـانم برد، کـە بەر شیـعرێکی جوان ناکـەوم؛ وەهاش دەرچوو. هەڵبەت پەسـندکردن و نەکردنی شیعر پێوەسـتـە بە یادوەری و پێوەرەکانی هەڵسـەنگاندن و شـێوازی هەزمکردنی خوێنـەرەوە. واتە شـیـعر لە خـوێنـەرێکەوە بۆ یەکی تر سـەرلەنوێ بە کرداری بەرهەمهێناندا دەچێتەوە. ئەمەش لە ڕێگەی یادوەری خوێنەردا و بە پێی کـەرەستەکانی هەمان یادوەریی، روو دەدات.

"لە بۆنی پوونگدا هەناسەی ڕێحان هەڵدەکێشم"

شیعر پێوەندیی جێگەی وشەیەکە بە جێگەی وشەیەکی ترەوە، ناکرێ جێگەی وشەیەک، وشەیەکی تری لێ دابنرێت و شیعرەکەش هەروەک خۆی وەمێنێ. ئەگەر لە بری وشەی پوونگ و ڕێحان هەر وشەیەکی تر دابنرێ، یاخۆ خودی وشەکان ئاڵوگۆڕ بکرێن، چی لە شیعرەکە ناگۆڕێ. بۆ ناگۆڕێ؟ چونکە شاعیر زۆر جار خۆی تەسلیمی وشە دەکات و بە ئاواز و ریتمی وشەکان هەڵدەخەڵەتێ.




"لە کۆڵانی تەنیاییدا چاو لە قەرەباڵغیی دادەگرم"

ئەم دێرەش جگە لەو دژایەتییەی نێوان تەنیایی و قەرەباڵغی، شتێکی تری تێدا نییە. بابەتی دێرەکەش زۆری لەسەر گوتراوە؛ ئەمە ئاساییە، بەڵام نەتوانراوە شتی تازەی لە بارەوە بگوترێ. شاعیریش لە دووی نەگوتراوەکان عەوداڵە، نەک بە پێچەوانەوە. هاوکات دژی سەرلەبەری کتێبەکەشە. چۆن؟ لە کۆی شیعرەکاندا ڕووبەڕووی لە خۆ نامۆبوون و تەنیاییەکی سەمەرە دەبینەوە. بەڵام کرداری چاوداگرتن نە دژایەتیکردنە، نە ڕەتکردنەوە. ئەمە لە کاتێکدایە، کە کۆشیعرەکە "بە گشتی" خۆی لە "کۆ"وە دەرهێناوە و بەردەوامیش هەوڵی دوورترکەوتنەوە دەدات. کەوابوو، وشەی چاوداگرتن لەو دێرەدا ناپێویستە و جێگەکەی هی خۆی نییە.

شیعرەکە، واتە: "تۆ ئافرەتێکی... " چەندین وێنەی دووبارە و زۆر لەسەر گوتراوی تێدایە، وەک: "دووکەڵی عەشق، کۆتری خەیاڵ، عەشقی ئاوریشمی، گریانی باران و..."، کە دیوانە ساویلکە و لە عەشق پەیڤیوەکان پڕی ئەم وێنانەن، ئەم هۆکارانە "بە گشتی" وایان کرد من ئەو تێکستەم وەک شیعر پەسند نەبێ.

سەرنج: بۆ زیاتر بەرچاوڕوونیی لە بارەی چەمکی ئاسایی و نائاساییەوە، خوێنەر دەتوانێ مانیفێستی دووەمی "ئەنوەر مەسیفی"، لە بارەی شیعرەوە، بخوێنێتەوە، کە لە ژمارە ١٥ی کۆواری شین دا بڵاو بووەتەوە.